ئەدەبیاتی منداڵان دەبێت چۆن بێت؟

میرجەواد سەیدحوسێنی



هیچ لەخۆمان پرسیوەکەبۆ ئەدەبیاتی منداڵانمان نییە، یان ئەگەر هەمانبێ هێندەلاوازەناتوانێ پێوەندیی لەگەڵ خوێنەر بگرێ، کەچی بەرهەمەوەرگێڕدراوەکان لەو بارەوەزۆر سەرکەوتوون و لەنێو منداڵاندا بڕەویان هەیەو خەونەرێکی زۆر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. جاری وایەبەرهەمێکی ئاوا لەڕۆژئاوا دا دەبێتەدیاردەیەك و جیهان دادەگرێ و ئیتر هەموو کەس، گەورەو بچکۆڵە، حەز دەکابیخوینێتەوە. لەوانەیەزۆر بەرهەمی هونەریی دیکەی، وەك فیلم و ...، لەسەر ساز بکرێ. ئەو سەرکەوتنەشوێن دەخاتەسەر ڕاگەیەنەرەگشتییەکانی دیکەش و هەموو ئاوڕی ئەودەدەنەوە؛ تەنانەت منداڵانی ئێمەش بۆ لای خۆی ڕادەکێشی، لەکاتێکدا ئێمەناتوانین پێوەندیی لەگەڵ منداڵی نێو ماڵیخۆشمان بگرین، بەڵام دیارە کۆمەڵگاکانی دیکەزۆر بەئاسانی کرپار و لایەنگر پەیدا دەکا و دەتوانێ بەسەر هەموو لووتکەکاندا زاڵ بێ؟(مەگەر لەبوارەهونەرییەکانی دیکەشدا، وەك: شیعر، چیرۆك، سینەما، ئەونە، هەر وا نییە؟). ئێمەلەو جیهانەهونەرییەدا لەلەکوێن؟ پێدەچێ هەر خەریکی بەرەو لاڕێ بردنی خۆمانین و خۆمان بەچەند بیروڕا و جیهانبینیی کاڵەوەخەریك کردووەو ئەوانی تر خەریکی پێشکەوتنن؟

بەبڕوای من هۆی ئەو ناکامییەئەوەیەکەنووسەری ئێمە(چ ئەوەی بۆ منداڵان دەنووسێ، چ ئەوەی بۆ گەوران دەنووسێ) بەتەما نییەلەزمانی خوێنەر بگا و کەسایەتییەکەی لەبەر چاو بگرێ و ڕێزی بۆ دابنێ و لەڕوانگەی ئەوەوەو بۆ ئەو، بەبێ سەپاندنی هەر چەشنەجیهانبینیی سیاسی و ڕێکخراوەیی، بنووسێ. ئامانجی نووسەری ئێرەئەوەنییەلەدیاردەکان، ئارەزووەکان، خوو و خدەکانو ژیانی خوێنەر بگا. ئامانج ئەوەیەمنداڵ بخەینەژێر تەئسیری خۆمان و بۆ لای بیر و مەڕام و حیزب و دەستەی خۆمانی بکێشین و بیکەینەبنیادەم! نامانەوێت بیسەلێنین کەخوێنەر بنیادەمە، کەسایەتیی هەیەو شایانی ڕێزەو دەبێ بەبێ هەر چەشنەبڕیارێکی لەپێشدا ئامادەکراو و ڕیزکردنی نیزام و فەلسەفەپەروەردەییەکان بەزمانی ئەو و بۆ ئەو بنووسرێ! ئێمەلەڕوانگەی خوێنەرەوەناڕوانینەجیهان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، تێدەکۆشین لەڕوانگەی خۆمانەوە(بەڵام بەپێی بۆچوونی خۆمان سەبارەت بەمنداڵان، منداڵانە) قسەی بۆ بکەین، شێعر و چیرۆکی بۆ بنووسین و بیخەینەژێر تەئسیر؛ ئاساییەلەو بوارەوەسەر ناکەون و تا ئێستاش سەرنەکەوتوئەون. چونکەتێگەیشتن لەزمانی خوێنەریش پێوستی بەلێکۆڵینەوەی هەراو لەبواری دەروونناسی و کۆمەڵناسیی خوێنەر و جیهانەتایبەتییەکەیەتی کەئێمەلەوەهەر ئیمکانێك بێ بەرین. بەرهەمەمەزنەکان لەو بوارانەدا پێمان دەڵێنباسی ئەو شتانەبکەین کەخوێنەر بەڕاستی نیازی پێیان هەیەو هەست دەکا بۆ ئەو پێئەوستن، نەك ئەو شتانەی کەخۆمان پێمان وایەبۆ ئەو پێوستن! دەبێ خوێنەرمان لەلا بەنرخ بێ و ڕێزی لێ بگرین و تێبکۆشین ئاسۆی ڕوانینی فراوانتر بکەینەوە،نەك بیهێنینەسەر بیر وئایدۆلۆژی خۆمان.

ئێمەلەباری مێژوئەو دەروونناسییەوە هێشتا هەر لەسەدەی هەژدە دا دەژین؛ ئەو کاتەیمنداڵ وەك ئینسانێك، کەلەباری لەش و دەروونەوەخاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، سەیر نەدەکرا و هیچ مافێکی نەبوو. بەکەسێکی سەربەخۆ و خاوەن دەنگ و بیر و کەسایەتیان دانەدەنا و وەك کۆیلەیەك سەیر دەکرا کەدەبوو لەماڵێدا ئەرکێك رایبکات و لەفێرگەشدا بیروڕاگەلێکی بەسەر دا بسەپێ. بەڵام ئێمەبەڕواڵەت و بەئەدەب و ڕێزەوەدەمانەوەی منداڵ(خوێنەر) حەماڵێکی بێدەنگ و قانعی بیروڕا و بۆچوونەکانمان بێ. واتەبەتەما نین لەبوونی سەربەخۆی منداڵ بگەین و لەڕوانگەی خۆیەوە بڕوانینەجیهان، لەسەر ئەو و بۆ ئەو بنووسین، بەڵکوو تێدەکۆشین بەپێی جیهانبینی و ئایدۆلۆژی خۆمان پەروردەی بکەین و لەباری فکرییەوەبیخەینەژێر تەئسیر. ئەوەلەکاتێکدایەکەکۆمەڵگاکانی دیکەلەمێژەمنداڵبەئینسانێکی خاوەن ماف دەزانن و بەشەرمی دەزانن ڕاستەوخۆ بیخەنەژێر تەئسیرەوە. نابێ ئاوا بەگاڵتە منداڵ بەتەئسیرەوەرگر بزانین و بەدڵخوازی خۆمان ڕێگا چارەی بۆ هەڵبژێرین.

وەرگێڕانی هێدی

رۆمان نووس (ئۆرهان پامۆك)

لە سەر کورد وئەرمەن هەڕەشەی سێ ساڵ زیندانی کردنی لێدەکەن

بە تاوانی بەرگیری کردن لە کورد وئەرمەنیەکان رۆمانووسی بەناوبانگی تورك ئۆرهان پامۆك،وابڕیارە لە سەرەتای مانگی داهاتوودا لە لایەن تورکە توندرەوەکانەوە بدرێتە دادگا.

پامۆك لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ رۆژنامەیەکی سویسری وتبووی(لە تورکیا سی هەزار کوردو یەك ملیۆن ئەرمەنی کوژراون،جگە لە من کەس ناوێرێت دان بەو راستیەدا بینێت) ئۆرهان تەمەنی٥٣ ساڵەو لەدایك بووی شاری ئەستەمبۆڵی تورکیایە، رۆمان نووسێکی جیهانیە و رۆمانەکانی وەرگێڕدراونەتە سەرزیاترلە ٢٣ زمانی جیهانی، رۆمانەکانی لە ئە مریکاو کەنەدا لە ڕێزی پێشەوەی ئەو کتابانەن کە زۆر دەفرۆشێن .دوا رۆمانی (بە فر) کەوا لە ساڵی ٢٠٠٤ چا پکراوەو وەرگێڕدراوەتە سە زمانی ئینگلیزی٣٥٠٠ دانەی لە ئەمریکا لێ فرۆشراوە، پامۆك ئەندازیاری تەلارسازیە و دبلۆمای لە رۆژنامەگەری هەیە بەڵام دەڵێ: جگە لەکاری نووسین هیچ کارێکی ترم نە کردووە بە رهە مە چاپ کرا وەکانی ئورهان پامۆك ئە مانەن (سێڤدین بەگ ومنداڵەکەی)رۆمان(ماڵێك لەبێ دەنگی) رۆمان (قەلای سپی) رۆمان (کتابی رەش) رۆمان(ژیانی نوێ) رۆمان(ناوی من سوورە) رۆمان (بە فر) رۆمان (ئە ستەمبۆڵ، شارو یادەوەریەکان) یادەوەری پامۆك بەرۆمانی (ناوی من سوورە) ناوبانگی لە دنیای خۆرئاوا پەیدا کرد.لە بارەی یادەوەریەوە پامۆك دەڵێ(گەر هەوڵ بدەیت جەخت (فۆکس) بکەیتە سەر یادەوەریەکانت، هەندێك شتت بۆ دەگەڕێتەوە) ئەم نووسینەم زیاتر پێناسەیەکی ئەو رۆمان نووسە گەورەیەو پشتگیری کردنمە لە هەڵوێستە ئازایانە کەی و لە دەرفەتێکی تر دێمەوە سەر رۆمانەکانی، گەڕا نی پامۆك بە دوای ها رمۆنیەتی ون بووی یان دروست نە بووی نێوان دنیای علمانیەت و فەنەمەنتەلیزمی تورکیایە، ئە گەری ئەوەشی لاهەیە تورکیا لە نێوا نیاندا بمرێت، پامۆك لە زۆر لە رۆمانەکانیدا ئاماژە بە رەوشی پڕ لە تراژیدیای کورد دەکات. لە چاوپێکەوتنێکی دا لەمانگی دیسەمبەر باسی ئەوەی کردووە کە وا لە تورکیا ناتوانین باسی کێشەی کورد و ئەرمەن بکەین، لە سەر ئەوە حکوومەتی تورکیا دا ویەتیە دادگاو لەم مانگە (سێپتە مبەر) دا دگای دەکرێت ، هەڕە شەی ئە وەی لێدەکرێت (سێ ساڵ) زیندا نی بکرێت.

وا بڕیارە هە لە مانگی ئایندەدا لە لایەن یەکێتی نوسەرانی ئەڵمانیاوەخەلاتی ئاشتی بدرێت بە پامۆك.پێشتر هەمان خەلات درابوو بە نوسەری گەورەی کوردی تورکیا یەشار کەمال

هونەرمەندی شانۆکار سەربەست ئەحمەد:

ئەگەر هەین کواین ؟؟

سازدانی/ ساڵح هەلاج

من بۆخۆم نەشانۆکارم ونەشارەزایم لەشانۆدا هەیە ، بەڵام هەر بەرهەمێکی شانۆیم بلوابێت خۆم پێ گەیاندوە وچومەتەنادەقەکانیەوە ، ئاگادارم شانۆ لەکەلارمێژویە کی خۆی هەیە ورژگارێك کۆمەڵە لاوێکی خوێن گەرم وخۆبەخش ، بەسەد دەردی سەری توانیویانە لەڕێگەی شانۆوە خزمەتی هونەری شانۆ بکەن بەبانگەوازی (شانۆ ئاوێنەی ژیانە) هونەری شانۆ بەجەماوەری کەلار ئاشنابکەن تالەوڕێگە یەوە هەستنیشتیما نیونەتەوایەتی بەخەڵکیئاشناتر بکەن، مەینەتیەکانیڕۆژگاری(شۆرش وپێشمەرگایەتی وکوشتن وکونجی زیندانیداگیرکەرانیکوردستان) لەدەقەشانۆیەکاندا بەرحەستە بکەن ، ئەلبەتەئەوجۆش وخرۆ شە کوردا یە تیە لەوسەردەمەدا شیعرو چیرۆك وشانۆوبوارەکانی تری هونەرووێژەی کوردی، بوو بوونە هەوێنی بەرخودان وڕاپەڕین ویەگگرتن ، شانۆی کوردیش بووبووە هونەرێکی بەرنگاری کوردی وشانۆکارانیش وەك سەربازێکی گوم ناو ، هەموو هەوڵ وکۆششێکی خۆیان لەوپێناوەدا خستبوە کار ، لێرەدا بەچەند پرسیارێکی سەربەستانە مامۆستایەکی بەئەزموونی شانۆمامۆستا ** سەربەست ئەحمەد لەبارەی شانۆی کەلارەوە بدوێنین **

پ١کەی چون ئاشنایەتیتان لەگەل شانۆدا پەیداکرد

و،، سەرەتای هەشتا کانی سەدەی رابووردوو فێری کردم خویندنەوەی هونەرم خۆشبوێت ، ساڵی ١٩٨٢و١٩٨٣ لەپەیمانگای هونەرەجوانە کانی سلێمانی لەگەل شانۆدا یەکەم هەنگاوم دەستی پێکرد، ئەوزەمەنە ئەدەب وهونەری کوردی لە هەڵکشاندابوو شانۆش مینبەرێکی ڕاستەقینەی خەڵك وروحی بەرگری وباخی بوون جوانی رەخنەی جدی وتوانای عەقڵیەتی گۆڕانی کۆمۆڵیەهبوو،

پ٢ئەوکارە هونەریو بەرهەمە شانۆیانەی ساڵانی خویندنی پەیمانگا بەشداریتان تێداکرد چی بوون **

و ،، ئەوبەرهەمانە ،مانگ هەڵهاتن / مرۆڤی پۆست /رووبار / هیرۆشیما / گۆرانی جایکا / چارەنوسی ئادەمیزاد /شۆڕشی مردوە کان / گەرفەلەستینی بویتایە چێت دەکرد / ڕێبواری شەو/ ،،

پ٣وەك شارەزان چەند ڕیبازێکی شانۆی جیهانی هەیە ، بەڕای تۆ کام ڕێباوی شانۆی بۆکۆمەڵگای کوردەواری گونجاوە ،،

و ،،هەریەك لەو ڕێبازانە ی باستکرد گرنگ وتایبەتمەندی خۆی هەیە بۆبەر هەم هێنان ونمایشکردنی شانۆی لایخۆشمان هەمیشە ڕچاوی ئەو ڕێبازەکراوە کەکۆمەڵگای کوردەواری لێی تێدەگات ،،

پ٤ ڕەسەنایەتی شانۆ لەکوێوە دەستپێدەکات بەتایبەتی بۆشانۆی کوردی ،،

و،، من بۆخۆم دەڵیم لەڕسە نایەتی شانۆو ڕێبازی شانۆی بیانیفێری شانۆی بوم ئەکتەررو دەرهێنەری کوردستان هەریەکەیان لەسەروان وگوتاری ئەوقوتابخانەفێر ئەبێت کەچۆن خزمەتی شانۆی کوردی بکەن ،،

پ٥یەکەم شانۆگەریتان لەچی ساڵێکدا و لەژێر چی ناو نیشانێکدا بوو ،،دەقەکەی هی کێ بوو کێ ئامادەی کردوو ئەکتەرەکان کێ بوون ،،

و،، یەکەم بەرهەمی شانۆی بەهەموویپێداچوون وپێکهاتەکانی شانۆی کەلار لەساڵی ١٩٨٦ دەستی پێکرد وە ئەتوانم بڵێم ئەو مێژووە لە م شارەدا ئەژمار ئەکەین ،، یەکەم بەرهەمی شانۆیمان (دائیرەی نفوس : نووسینیخوالێخۆشبوو سمکۆ عەزیز ودەرهێنانی سەربەست ئەحمەد .. ئەکتەرەکان (جەمیل محەمەد ئیبراهیم ، جە لا ل محەمەد ئەمین ، سەرکۆ محەمەد ڕۆستەم ، ئەحمەد ساڵح ،.. دووەم شانۆ (پارەی دەرمان) نوسینی یوسف عانی ..دەرهێنانی جیهاد کەریم / ئەکتەرەکان مەجید ساڵح ، سەربەست ئەحمەد ، پشکۆ محەمەد ، جیهاد کەریم ، بەرزان بەکر ، سەرکۆ محەمەد ڕۆستەم ، سەردار سەمین ، فەرهاد مەحمود ، سالار مەحمود ، ..هەردوو شانۆکە لەیەك ڕۆژدا نمایشکرا ، بەشی مۆسیقاش ئاهەنگێکی گۆرانی قەشەنگیان نمایشکرد ، بەسەرپەرشتی مامۆستا مستەفاڕەشید لەهۆڵی هونەرمەندانی ئیستا بەڕێوەچوو ، ،..

پ٦ئەی بینەرتان چۆن بوو ..

و.. ئیستاش خۆمان بەقەرزاری ئەوبینەرو ئاشقانەی شانۆ دەزانین ..

پ٧سەرەتای ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەبەهاری ١٩٩١بەدواوە ماوەیەکی باش جموجوڵی هونەری شانۆ لە کەلار باش بوو بەڵام ماوەیەکی زۆریشە کاری شانۆی لەکەلار نەك هەر سست بووە بەڵکو من دەڵیم هەر نەماوە هۆکەی چیە ،،

و،،شانۆ کاران دوای ڕاپەڕین زۆریانکرد بەڵام من دەڵیم دەرەقەتی ئەوزەمەنە نەهاتین ،،

پ٨ بەگشتی شانۆی کوردی پاشان شانۆ کارانی کەلار چۆن دەبینی ،،

و،،، شانۆ کارانیکوردستان بەگشتی گرفتیان هەیە نەك تەنها لەکەلار ئەوقەیرانە ئەمڕۆ لەکوردستان گشت گیریە هەرچەند کاریهونەری شانۆ یەخەمان بەرنەداوە کەم تاکورتێك بەرهەمان هەبووە ، بەڵام زۆرجاریش ئەپرسم ئێمە خودی خۆمان لە نەماندایە ئەی شانۆ چۆن بمێنێت ، ئەگەر هەین بەهەموو مانەوە لە نوسەرو شانۆکاران ومۆسیقاو ئەدەبیش کواین چیمانکرد کوا گۆڕان و بوون جارێکی تر دەڵیم ئەگەر هەین هەر هەموومان کواین ، چیمانکرد چیمان سەوزکرد ....

چەند حاڵەتێکی زۆر کوردانە

نوسینی/خالد سلێمان .....وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە/ ئاسۆ وەهاب

(١)

لەشەوێکی رەمەزان ولەسەحەردا، ژنێکی گەرمیانی تەواوی فرمێسکەکانی خۆی خواردەوە، ترسا لەوەی هەست بەتینوێتی بکا، کاتێك ڕێگە بەرەو نوگرە سەلمان دەبڕێ، تا بە دیداری تاقە کوڕەکەی" بێکەس " بگا .

(٢)

هەر لە ناوچەی گەرمیانا، ژنێکی تر خەونی دەبینی ناوی کوڕەکەی بنێ سەردار واتا پۆپی دار یا شاخەوان واتا ئەو کەسەی ئاشنایە بەشاخەکان، بەڵام لەسەر زەمینی حەجاجدا منداڵی بوو، بۆیە ناوی نا بێکەس، لەبەر ئەوەی تاقانەیە .

(٣)

لەناو ئەو شورا گەورەو بە جێهێڵراوەدا
ساڵێك
دوو ساڵ
سێ ساڵ و
شەش ساڵ
بەسەر لەدایکبوونی ئەو منداڵە تێپەڕی،
ئەوتەنها گوێی لەناوی باوکی ونوگرە سەلمان بوو .

(٤)

بۆ تۆڵەسەندنەوە لە چاوەڕوانی
باوکێکی گەرمیانی وێنەی هەر سێ منال وژنەکەی لەماڵێکی نەزانراوا بەجێهێشت،
دوایی چەند خولەکێك
وێنەکە بووە هاوڕێیەکی نزیکی
حەبلی جەلادو کۆرسییەکی لێقەوماو .

(٥)

باوکێکی کە، خاوەنی حەوت چاو گەنم رەنگ وژنێکی ئەسمەربوو، بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە گەرمیانا دەرنەکەوت، هەر حەوت چاوو ژنەکەی بۆ ماوەی حەوت ساڵ چاوەڕێیان کرد، بەڵام هەر دەرنەکەوت !!! دواتر وێنە تاقانەکەی، بووە هاوڕێی خێزانەکەی .

(٦)

دایکێك بەناوی جیهانەوە کوڕەکانی لەسەر زەمینی حەجاجا ون کرد، ئەیویست لەوێ بمێنێتەوە، مەبەستم نوگرە سەلمانە، بەڵام بەهاوڕێتی حەجاجێکی بچوك بەزۆری هەناردیانەوە، ئێستاش هەموو ڕۆژێك (بێکەس)ێکی دەمرێت .

(٧)

بە سەرسوڕمانێك کە تەنها خەیاڵی حیکایەتخوانێکی کورد وێنای دەکا، گەنجێکی کورد لەسەر زەمینی حەجاج رزگاری بوو .

(٨)

عوسمانییەکی تورکی لە ئانادۆڵ چاوی میرێکی کوردو ژن ومنداڵەکانی دەرهێنا، خەڵك لە ترسا بەرەو دەشتاییەکانی باباگورگور رایانکردو تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لەوێدا مانەوە، پاشان لەسەر دەستی عوسمانییەکی عێراقی چاویان دەرهێنرا .

(٩)

عەقڵییەتێکی هۆڵۆکۆستی بەغایی، هات تا تۆڵەی شکستی لەقودس لەکوردو ژنانی کورد لە قەڵایەکی کۆندا بکاتەوە، مێژووی ئەو قەڵایە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەمی میرێکی کوردی چاو هەڵکۆڵراو، کە یەك چاوی لەسەر دەستی تورکێك وئەوی تریان لەسەر دەستی فارسێك هەڵکۆڵراوە، ژنەکانیش لەناو هەمان قەڵادا چاوانیان لەسەر دەستی ئەو هۆڵۆکۆستییە دەرهێنرا، دەڵێین ئەویش لە نەوەی بکوژانی عەبدول سەتیحە* .

(١٠)

ژنێك دوایی چل ڕۆژ لە شەوی بوکێنییەوە مێردەکەی ئەنفال کرا
دوای دە مانگ، لەسەربازگەیەك لەو سەربازگانەی پڕبوون لە منالی تازە لەدایکبوو شوراکراو بە لم وپڕ بوو لەو نیمچە حەجاجانەی هیلاکی کێشانی ئەو نەخشانە بوون کە تەنها لە ژێر زەوی دەکێشران منالی بوو .
کە لەدایك بوو منالەکە چاوانی کرابوونەوە
دەیزانی چی لە دەوروبەر روودەدا
دوایی ماوەیەکی زۆر ئەوەی گێڕایەوە، کە چۆن ئەو شوێنە بۆتە سەنتەری سەربازگەیەك و ئالای عێراقی تیا بەرزکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی لەبیری نییە، ئایا دایکی لەو شوێنە هاتە دەرێ یا نە ؟؟

- عەبدول سەتیح، قەشەیەکی کرستیانییە، لەسەر رووباری دیجلە لە نزیك تکریتی ئێستا خۆی کوشت، لەترسی ئەوەی(لە غەزایی ئەعرابەکاندا – و) بکوژرێت .
- بەشێك لەدیوانی (حالات کردیە جدا)